# شاعیری ئەمازیگی مەلیکە مزان:
# نەتەوەی کورد ڕەگ و ڕیشەی بەهێز و ڕەسەنی لە ناوچەکەدا هەیە



دیمانە: نزار جاف

مەلیکە مزان..ئافرەتێکی ئەمازیگییە کە خەون و ناسنامەی ئاویتەی یەکتر کردووە و، هەوڵ دەدات لە میانەی دەروازەی وشەکانەوە قفڵی بێدەنگی جیهان لە ئاستی دۆزەکەیدا بشکێنێت. مەلیکە، ئەو ئافرەتە سەر سخت و خاوەن هەڵوێستی یەکجار توند لەگەڵ دوژمن و نەیارەکانیدا، کاتێک دۆست و هاوڕێیانی دەیدوێنن، لە پەڕەی گوڵێکیش ناسکتر دەبێت و، دڵ و ناخی والآدەکات و، ئێش و ئازار و خەون و دیمەنە تراجیدییەکانی خاکی "تامازگا" بە ئەسپایی دەگێڕێتەوە. ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت بە دەرفەتی زانی لە نزیکەوە ئەو خانمە ئەمازیگییە بدوێنێت و لە میانەوەی شتێك لە دۆزی ئەمازیگ بۆ خوێنەری کورد ڕوون بکرێتەوە و، ئەم دیمانەی لەگەڵدا سازکرا.

کوردستان ڕاپۆرت: ئایا دەتوانن دۆزی ئەمازیگ بۆ گەلی کورد باس بکەن؟

مەلیکە: دۆزی ئەمازیگی، دۆزی گەلێکی تەواوە، گەلێکی ڕەسەن کە ناوی گەلی ئەمازیگیە، گەلێکە نیشتمانەکەی هەروەك لە مێژوە زانراوە "تامازگا"یە. خاکەکەی لە باکووری ئەفریقیاوە لە واحە سیوە لە خۆراوای میسرەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە دوورگەکانی کەناری لە ئۆقیانووسی ئەتلەنتییەوە و، بە وڵاتانی مالی نێجەر مۆریتانیا و بیابانی گەورەدا دەڕوات. دۆزەی ئەمازیگی یەکەم جار کە دروست بوو، کاتێك ئەم گەلە لە ساتێك لە مێژووی نوێی خۆیدا و ڕاستەوخۆ لە دوای دەرکردنی کۆلۆنیالیزمی خۆراوایی لە زۆرینەی خاکی لە ناوەڕاستی سەدەی پێشوودا، خۆی لە بەرامبەر کەیانێکی تردا بینییەوە کە گەلی ئەمازیگی بە کۆلۆنیالیزمێکی ڕەگەزپەرستی نەدەژمارد و، بەئاگا نەبوو لە پلان و نیازە نامرۆییەکانی بەر لەم مێژووە، ئەو کەیانە، کەیانی عەرەبییە کە هێشتا بە ئەوپەڕی بێ چاو و ڕوویییەوە، خۆی بۆ گەلی ئەمازیگی وادەناسێنێت کە خاوەنی ئایینێکە کە سەرچاوەی ڕەحمەت و کەرامەتە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، لە کاتێکدا هەموو ڕەفتارەکانی ئەم کەیانە زۆر فرۆفێڵ و تەڵەکەبازی و توندوتیژی تێدایە و، بریتییە لە ئارەزوویەکی ناجوامێرانە بۆ دەست بەسەراگرتنی گەلی ئەمازیگ، دانیشتووانی ڕەسەن، بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە دڵپاکی و سەخاوەتمەندی و خێروخەیراتی

وڵاتەکەیان بە خراپترین شێوە.
دۆزی گەلێکە لەناکاو بەئاگابوو لە مەترسی لەناوچوون تا بەرگری لە بوون و مافی مانەوەی خۆی لەسەر خاکەکەی بکات، لەدژی ئەوەی ئەو کەیانە عەرەبییە کۆن ـ تازەیە دایدەڕێژێت لە شێوازی جیاواز بۆ لەناوبردنی یان بەلای کەمەوە لە شێوازەکانی شێواندنی ناسنامەکەی بەوەی لە هەموو شتێکدا بکرێتە پاشکۆیەك بۆ "عروبە"تێك کە نەدەیتوانی لە سنووره جوگرافییە راستەقینەکەی خۆی(کە ناوچەی حیجازە)زێتر بڕوات گەر ئەو پەلاماردانە کۆنە تازەوەبووە نەبووایە لەدژی خاکی گەلانی دەوروبەری. شتێکی ئاسایی بوو کە هیچ دۆزێك لە باکووری ئەفریقیا نەیەتەئاراوە کە لە ئاست و قورسایی و دادپەروەری دۆزی ئەمازیگیدا بێت، بەو پێیەش هیچ پێویستییەك نەدەبوو بۆ هەر ناڕەزایی دەربڕینێکی ئەمازیگی ئەگەر توندڕەوی عەرەب بۆ رەگەز و رۆشنبیری خۆیان نەبووایە و، ئەو بەرکەنارکردنە نائاساییەی ئێمەی گەلی ئەمازیگ لەهەر بەشدارییبوونێکی کاریگەر و سوودوەرگرتنێکی راستەقینە و هەمیشەیی لە سامانەکانی مەغریبی ئەمازیگی مەزنمان.
کوردستان راپۆرت: چی لەبارەی کێشەی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ناوچەکە، ئایا بە راستی کێشەن یان شایەنی ئەو قەوارەیە نین؟
مەلیکە: ئەوەی تورەم دەکات ژمارەیەك لە عەرەبە رەگەزپەرستەکان(فەرمانڕەوا ومێژوونووس و رۆشنبیرانیشیان تێدایە)پێیان خۆشە باسی هەبوونی کەمینەیەکی ئەمازیگی لە باکووری ئەفریقیا بکەن تەنها بۆ ئەوەی ویژدانیان ئاسوودە بکەن و پاساو بۆ تاوانەکانیان لەدژی گەلی ئەمازیگ بهێننەوە، بەڵام، لە چارە رەشیان، واقیعی فیعلی دەڵێت ئێمە لەم ناوچەیەدا لە بەردەم کێشەی کەمینەیەکدا نین(چ رەگەزی یان رۆشنبیری بێت)، ویژدانی جیهان هەمووی لە باکووری ئەفریقیا لە بەردەم کێشەیەکی رەوای راستەقینەی گەلێکی رەسەنە، گەلێك کە لێرەدابوو و مافی خۆیەتی لێرەدا بمێنێتەوە و سوود لە هەموو بنەماکانی مانەوەی وەربگرێت. کێشەی گەلێکی پەراوێزکراو کە هەموو مافێکی رەوای خوراوە، زۆرینەیەك کە شایەنی پشتیوانی هەموو خاوەن ویژدانێکی زیندوو و هەموو ئەوانەی کە پاکی و بێگەردییەکی وایان هەیە هانیان بدات بە چاوی دادپەروەری ئەقڵەوە تەماشای ئەو کێشەیە بکەن. ئەگەر کەمینەی رەگەزی یان رۆشنبیری لەلای ئێمە لە وڵاتی تامزاگا لە باکووری ئەفریقیا هەبێت ئەوا دوو کەمینەن بریتین لە:
1 ـ کەمینەی عەرەبی، کەمینەیەکە سوود لە هەموو مافەکانی وەردەگرێت(لێرەشدا ناوەرۆکی کێشەکەیە) و، ئەم کەمینەیە بە هەموو بێ چاو و روویەکەوە هەڵسوکەوت دەکات لە مافەکانی دانیشتووانە رەسەنەکان و بە ئارەزووی خۆی یاسا دادەنێت کە بەپێی ئەوەی دەیخوازێت بە رەوای دادەنێت و ئەوەی خزمەتی بوونە خۆپەرستکەی و بەرژەوەندییەکانی ناکات رێگەی پێ نادات و بە حەرامی دادەنێت.
2 ـ کەمینەی جوولەکە: ئازادی تەواوی هەیە لە جێبەجێکردنی رێ و رەسمە ئایینی و چالاکییە شەرعییە جیاوازەکانی، هەروەها هەموو ئەو شارانەی ئەو کەمینەیان تێدایە رێزیان لێدەگرن، هەروەها مافی گواستنەوەیان هەیە لەناو وڵاتانی تامزگا بەتایبەتی لە مەغریب، ئەمڕۆ، ئێمە گەلی ئەمازیگ، بانگەشە دەکەین بۆ زێتر مافدان بەم کەمینەیە و رێزلێنانی بە وانە وتنەوە بە زمانی دایکیان و پەرەپێدانی رۆشنبیرییە رەسەنەکەیان، هەروەها بانگەشە دەکەی بۆ زێتر بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەموو شێوەکانی تیرۆر کە هەڕەشە لە بوونی جوولەکە بکات لەسەر خاکەکەمان و، لەدژی هەموو هەڵوێستێکی عەرەبی ئیسلامی رەگەزپەرستانەین کە هاوکاری و مامەڵەکردن لەگەڵ جوولەکە مەغریبییەکاندا قەدەغە بکات، لەپێناو هەرچی ئەوەی سوودی بۆ گەلی جوولەکە و ئەمازیگی تێدایە. ئەگەر ئەمەش بارودۆخی کەمینە عەرەبی و جوولەکەکان بێت لەلای ئێمە، کە بارودۆخێکی زۆر باشە، ئەوا لە باکووری ئەفریقیا کەس نەما کە هەموو شێوەکانی بەرکەنارکردن و دابڕان و زەلیلی ببینێت جگە لە زۆرینەی ئەمازیگی نەبێت کە لە سایەی ئەم بارودۆخەدا بۆتە نامۆ لە نیشتمانی خۆیدا و بی بەشە لە سامانەکانی وڵاتەکەی.
کوردستان راپۆرت: بەر لە سەردەمی گلۆبالیزم، شتێکی ئەوتۆمان لەبارەی ئەمازیگەوە نەدەبیست، بەڵام، ئەمڕۆ

زۆری لەبارەوە دەزانین، ئایا ئەوە بەو واتایەیە کە سەردەمی گلۆبالیزم، سەردەمی گەلانی لەبیرەوەچووە؟

مەلیکە: سەردەمی گلۆبالیزم، سەردەمی هەموو ئەو گەلانەیە کە بەئاگاهاتنەوە لە مەترسی تواندنەوەی رۆشنبیری لە یەك رۆشنبیری جیهانیدا کە رۆشنبیری بەهێزترینە لە رووی ئابووری و تەکنەلۆجی و سیاسییەوە. بەو پێیەش، ناتوانی بلێین کە تەنها سەردەمی گەلانی لەبیرچووەوەیە. بەلام، دەشکرێت بگوترێت سەردەمی ئەم گەلە لەبیرکەراوانەیە بە ئیمتیاز، لەسەر ئەو بنەمایەی ئەو گەلانە زێتر لە هی دیکە و لە هەر کاتێکی تر، رووبەرووی مەترسی لەناوچوون و تواندنەوە دەبن و، لە پتر لەلایەنێکەوە هەرەشەیان لێکراوە؛ بەوەش بۆتە خاوەن مەبەستی یەکەم لە مەترسی بۆسەر بوونی و بەرەنگاربوونەوەی، هەروەها رووبەرووبوونەوەی هەموو هەولەکان بۆ راکێشانی دوا ئیمکانییاتی مانەوە و بوون لە دەستیدا، بەتایبەتی ئابوورییەکی بەهێزی لەبەردەستدا نییە کە بی پارێزێت و، بریارێکی سیاسی کاریگەری نییە کە ئیرادەکەی پراکتیزە بکات یان پێداویستی و داخوازییەکانی جێبەجێ بکات. سەردەمی گلۆبالیزم ـ سەرباری ئەوەی سەردەمی رۆشنبیری رێزگرتنە لەمافەکانی مرۆڤ و سەردەمی بەیەکگەیشتنی تەکنەلۆجی فراوان و خێرایە ، دەرفەتێکی زێرینە بۆ دەرکەوتنی ئەو گەلە لەبیربراوانە و، گەلی ئەمازیگی وەك خۆی سوود لەم گۆرانکاری و دەستکەوتە گرنگانە وەردەگرێت تا دەنگی بگەیەنێت و مافی دەستەبەر بکات، ئەو مافانەی کە لە رابردوودا ـ لەژێر چەپۆکی دەسەلاتی عەرەبی فەرمانرەوا و ئابلووقەی راگەیاندن و یاسایی دەوروبەری ـ نەیدەتوانی داوایان بکات یان ئەو پێشێلکارییانە لەدژی ئەنجام دەدرێن ئاشکرا بکات. لەم چوارچێوەیەدا رێگەم بدە دوو تێبینی بخەمەروو:

ـ یەکەم: ئەگەر لە بەدبەختی گلۆبالیزم بوو لە رەهەندە رۆشنبیرییەکەی، کاتێك گەلان مەترسییان لەسەر تایبەتمەندی رۆشنبیری و خۆمالی خۆیان هەست پێکرد لەگەل رووبەرووبوونەوەی ئەو مەترسییە، ئەوا باندی عەرەبە رەگەزپەرستەکان بەپێچەوانەی ئەوەوە و بەر لە سەردەمی گلۆبالیزم، بەختەوەرتربوون لە خودی گلۆبالیزم، چونکە ئەم باندە تاوانبارە و بە درێژایی مێژووی خوێناوی درێژی دەرهەق بە گەلانی دیکە و، بۆ هەر شوێنێك بە پەلاماردان و داگیرکردنەکانی، گەیشتبێت و ئاسایشی تێدا بەرقەراربووبێت، بە شێوەیەکی گشتی کەس بە زووی لە مەترسی ئەم کارەیان تێ نەگەیشتووە و ئامادەکاری بەرەنگاربوونەوەیان نەکراوە لەدژی پرۆژە نامرۆییەکەیان کە دەخوازێت یەك رۆشنبیری بەسەر هەموو ئەو گەلانەی کە بە ناوی بانگەشە بۆ ئایینی رەواو و دادپەروەری پەلاماریدان، بسەپێنت! بۆیە پێویستە لەسەر هەموو گلۆبالیزمێکی ژیر کە دەخوازێت لە هەولە ناراستەوخۆکەیدا بۆ لەناوبردنی رۆشنبیرییە خۆمالییەکان سەرکەوتوو بێت، ئەوا پەند و عیبرەت لە ئەزموونی سەرکەوتووی عەرەب لەم بوارەدا وەربگرێت و هەول بدات سوود لە وانە ئەهریمەنییەکانیان وەربگرێت!

ـ دووەم: ئەوعەرەبانەی ئێستا نارەزایی دەردەبرن لەسەر ئاسەواری نێگەتیڤی گلۆبالیزم و مەترسییان لێ نیشتووە لەسەر رۆشنبیرییەکەیان لە تیاچوون یان پاشگەزبوونەوە، لە هەمان کاتدا بیریان دەچێتەوە ئەو مەترسییەیان لە گلۆبالیزم هەر بۆ خۆیان و لە دێر زەمانەوە(بەبێ چاودێر یان نارەزایی دەبرین یان رەتکرەوە یان بەرەنگاربوونەوەیەك)بەسەر هەموو ئەو گەلانەی کە دەسەلاتیان هەبوو بە سەریاندا و بە ناوی باوەر بە پایەبەرزی رەگەزی عەرەب و عروبەی دانیشتووانی بەهەشت، پیادەیان دەکرد و، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوە محەمەد هاوردوویەتی، ئایینی میهرەبانی و، رێگەی راستی و باوەر و رزگاربوونە.

کوردستان راپۆرت: چی گرنگە لە ئەمازیگی بوونی مەلیکە مزان و چی دەخوازێت لە میانەی ئەوە بە جیهان بلێت؟

مەلیکە: ئەوەی کە گرنگە لە ئەمازیگییەتەکەم، دەبێت لەلای هەموو جیهان گرنگ بێت، ئەگەر ئەمازیگی بابەتێکی نیشتمانی بێت کە لەلای هەموو مەغریبی و مەغاریبییەکان لە جیهانی ئەمازیگی گرنگ بێت، ئەوا هەروەها بابەتێکی مرۆییە. هەروەك چۆن جیهانی دێرین و نوێ نەدەبوو گەر بەشداری شارستانی گرنگی ئەمازیگی تێدانەبووایە، ئەوا جیهانێکی هاوچەرخ بەبێ ئەمازیگی نایەتە بەرچاوم. ئەمازیگییەت بە نیسبەت مرۆڤایەتییەوە، کانییەکی بەخشینی فیکری و زانستی و ئەدەبی مەزنە و، گرنگتریش لەوە هێشتا فەرهەنگێکی

گەردوونی رازاوەی نەمرە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بەها مرۆییە نایابەکان، گرنگترینیشیان بە نیسبەت ئەم سەردەمەوە، سەردەمی تیرۆر کوشتنی هەرزان کە عەرەبە موسڵمانەکان لەدژی"کافر"ەکانی ئەم جیهانە بەرپایان کرد، کرانەوەیە بۆسەر هەموو رەگەز و رۆشنبیرییەکان و رێزگرتن لە تایبەتمەندی و ئازادی کەسانی دیکە. ئەمە هەمووی بەسە تا ببێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ هەموو هێزە پێشکەوتوو خوازەکانی جیهان تا رێز و ستایشی ئەمازیگی بکەن، رێز و ستایشێك کە تەنها لە رێگەی داننانی فەرمی ناوخۆیی و جیهانی تەواو بەو ئەمازیگییەتە بنرێت لە رووی زەوی و گەل و ناسنامە وئینتیما و رۆشنبیری و شارستانییەتەوە، مافێکی رەوا لەمانەوە و کەرامەتدا، هەروەها ئەو رێزلێنانە بەبێ کار بۆ بەرگریکردنی لە رووی یاسای نێودەوڵەتی و ناوخۆییەوە دەستەبەر نابێت، بەرگرییەك وەك ئەرکێکی ئەخلاقی کە لە رووی جوامێری و دادپەروەرییەوە لە هیچ ئەرکێکی مرۆیی دیکە کەمتر نییە. لەلایەکی دیکەوە، رێزگرتنی ئەمازیگییەت لە هەموو ئەو رەهەندانەی باسمانکرد، دەبێتە هۆی ئەوەی پشتیوانی بنەماکانی هەق و دادپەروەری لەم جیهانەدا بکات و پاشان بنچینەکانی ئاشتی سەقامگیری پتەوتردەکات. ئەوەی ئاشتی و ئاسایش و خێر و خەیرات لە گەلی ئەمازیگی، دەخوازێت، ئەوا با رێز لە ئەمازیگییەتی من بگرێت و دان بە تەواوی مافەکانیدا بنێت، ئەوەیشی بە دوای ئیستیفزازی زێتری گەلی ئەمازیگدا دەگەڕێت، ئەوا با چاوەڕوان بێت کاتێك ئەو فشارە بەهێزتردەبێت تەقینەوەی ئەو گەلە چۆن دەبێت!!
بە گشتی، ئەوەی گرنگی نادات بە ئەمازیگییەتم و مانەوەی و وەرگرتنی تەواوی مافەکانی، ئەوا ئەویش لای من و گەلەکەیشم، گرنگی نییە.

کوردستان راپۆرت: مەلیکە ژمارەیەك لە دۆست و هاوڕێی کوردی لە بواری جیاوازدا هەیە، چی لە رێگەی ئەوانەوە لە دۆزی کورد تێگەیشتووە؟

مەلیکە: بە هۆی پێوەندیم هەیە بە شاعیر و چالاکانی سیاسی کورد کە قورسایی خۆیان لەسەر گۆڕەپانی رۆشنبیری و سیاسیدا لەناو کوردستانی عێراق و کوردستانی سوریا بە شێوەیەکی تایبەتی و، هەندێك لەو کوردانەی کە نیشتەجێن لە هەندەران، ئاشنابووم بە هێڵە سەرەکییەکانی دۆزی کورد. لە بەردەم هەڵبەستی پابەند و نایابی شاعیرانی گەورەی کورد و، وتاری بەهێزی سیاسییەکانیان، هیچ رێگەیەکم لە بەردەمدا نەبوو جگە لە باوەڕهێنان بە دۆزی کورد کە دۆزێکی مرۆیی رەوایە، رەوایە لەو رووەوەی کە کێشەی کەیانێکی مرۆیی و نەتەوەیی و رۆشبیرییە و، رەگ و ریشەی بەهێز و رەسەنی لە ناوچەکەدا هەیە، هەروەها تایبەتمەندی خۆی هەیە کە بنچینەکانی بوون و مەرجەکانی مانەوەی و بەرەوامبوونین. کێشەی گەلێکە کە ناڵاندوویەتی بە دەست زاڵبوونی عەرەبی و تورکی و ئێرانی بە هەمان گوڕ و تین بە سەریدا، کێشەیەکە کە حکومەتەکان و گەلانی ناوچەکە و جیهان بە هیچ لۆجیکێك رەفتاریان لەگەڵدا نەکرد جگە لە لۆجیکی تۆمەتبارکردن بە بەکرێگیراوی(هەڵوێستی عەرەبی ئیسلامییە) یان لۆجیکی بایەخ نەدان و بەرگریکردن تەنها لە بەرژەوەندی تایبەتی(هەڵوێستی عەرەبی و ئێرانی و تورکی و خۆراوایی). هەروەها ئاشنابووم بە هەندێك شتی داخدار کە خزمەتی رەوایی دۆزی کورد لە هیچ روویەکەوە ناکات و پێوەندی بە خودی گەلی کوردەوە هەیە(هەروەك ئێمەی ئەمازیگ) و ئەو شتانەش بریتین لە:

1 ـ پرش و بڵاوبوونەوەی گەلی کورد لە میانەی مملانێی نێوان حزبەکان و ئاراستە جیاوازەکان کە بنەمای خباتی گەلی کورد پێکدێنن، لەگەڵ خراپی هەڵبژاردنی هۆکارەکانی رزگاربوون و ئیستراتیجییەت و رێککەوتن لەسەر ئەوە.

2 ـ هەندێك لەو خیانەتانەی کە کورد لەدژی دۆزەکەیان ئەنجامی دەدەن وەك مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمنان(هەرچەندە بە نیاز پاکی و ساویلکەیی زۆرەوە بێت)بەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆستان، لەگەڵ دەگمەنی ئەوانە ئەگەر نەڵێین نەبوونیان بە تەواوەتی.

3 ـ مانەوەی بەشێکی زۆر لە توێژەکانی گەلی کورد لەژێر رکێفی ئایدیۆلۆجییەتی ئەهریمەنی هزر و رۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی دواکەوتوودا و، رەتکردنەوەی هەر دەستپێشخەرییەکی راستەقینە و بوێرانە بۆ رزگاربوونی

خۆیی لە هەموو شێوەکانی دەست بەسەرداگرتن و ئیستیغلالکردن.
کوردستان راپۆرت: هەندێك لە نووسەران و رۆشنبیرانی عەرەب لە ناوچەکەدا، تەماشای ئەزموونی پەرلەمان و حکومەتی هەرمی کوردستان وەك ئیسرائیلێکی دووەم دەکەن، مەلیکە مزان لەمبارەوە چی دەڵێت؟
مەلیکە: کاتێك کار پێوەندی بە دۆزێکی مرۆیی رەوا و پێویستی رزگاربوونی گەلێکی رەسەن و دێرینی وەك گەلی کوردی خۆراگرەوە دەبێت، نابێت ئاوڕ بۆ ئەو هەڵوێستە رەگەزپەرستانە نامەسئولانەی ئەو نیمچە رۆشنبیرانەی لەو جۆرانە، بدەینەوە، ئەوانە هەڵوێستێکن زیان تەنها بە خۆیان دەگەیەنێت، ئەوانە بەو شێوەیە دەخوازن دارێك بخەنە ناو چەرخەکانی کرانەوە کە بەرەو ئەوە دەڕوات گەلی کورد تەواوی خاکی خۆی بگەڕێنێتەوە و مافی خۆی لە جیاوازیدا پیادە بکات و، سوود لە هەموو مافەکانی ئەو جیاوازییە وەربگرێت. تەماشاکردنێکی لەو جۆرە بۆ کوردستان لەسەر بنەمای ئەوەی ئیسرائیلێکی دووەمە، نەك تەنها رەتکردنەوەی تێدایە بۆ مافی کورد لە هەرێمێك کە ناوی هەرێمی کوردستانی عێراقە(گەر نەڵێین مافیان لە نیشتمانێکی نەتەوەیی کە هەموو بنەماکانی هەیە و ئەرکی هەموو کوردێکە خەبات بکات بە ئاراستەی هێنانەدی)، بەڵکو هەروەها رەتکردنەوەیەکی ناو بە ناو و نیمچە راشکاوە بە هەموو دانپێدانانێك بە ئیسرائیل و، بەوەش ئاراستەی توندڕەوی رەگەزپەرستانەی ئەو رۆشنبیرانە و ناواقیعیبوونیان دەردەکەوێت. دەمێنێتەوە ئەونیمچە رۆشنبیرانە بە ئاشکرا بڵێن((مەرگ بۆ ئیسرائیل)) و، پاشان هەموو تیرۆریستە ناپەسەندەکانیان رێکبخەن، ئەو تیرۆریستانەی کە جیهان لە سایەی دیاردەکانی تیرۆر و تۆقاندن و وێرانییاندا دەژی نەك تەنها بە هۆی رەتکردنەوەیان بۆ مافی ئیسرائیل لە مانەوەدا، بەڵکو بە هۆی ئارەزوویەکی شێتانە و نامرۆییان بۆ سڕینەوەی هەر بوونێکی دیکەی ناعەرەبی و نائیسلامی نەك لە ناوچەکەدا بەڵکو لە جیهانیشدا!! وەك خۆم ناتوانم تەحەمولی لۆجیکێکی نەخۆشی وەك لۆجیکی ئەمانە بکەم، چونکە هەرچەندە خاوەن مافێك خەباتی کرد بۆ دەستەبەرکردنی مافەکەی و هەندێك یان هەموو مافەکەی دەست کەوت، ئەوا دەنگی ئەو نارەسەنانە بەرزدەبێتەوە بە تۆمەتبارکردنی خاوەنی ئەو مافە بە بەکرێگیراوی یان بە ئارەزوو لە هەڵگیرساندنی ئاگری دووبەرەکی و تایفەگەرایی و هەوڵدان بۆ پارچە پارچەکردنی نیشتمان و جەستەی ئۆمەت(نازانم دەربارەی کام نیشتمان یان کام ئۆمەت دەدوێن)، هەروەك ئەوەی ئەقڵی ئەو جۆرە کەسانە هیچ بوونێك بۆ کەسانی دیکە لەبەرچاو نەگرێت، تەنها بەوەی هەموو جۆرەکانی سووکایەتی پێکردنی عەرەبییان بکەن لەگەڵ جۆرەها شێوەکانی پاکتاوکردنی دارێژراو لەدژیان، هەروەها نابێت ئاشتییەك بە مێشکدا بێت لە نێوان گەلان تەنها بەوە نەبێت کە گەلانی دیکە ملکەچی ئارەزووەکانی عەرەب بێت وەك کەمینەیەکی راستەقینە کە دەیەوێت لەسەر حیسابی کەرامەت و مافی زۆرینە بژی چ لە خۆرهەڵاتی ناوین یان لە باکووری ئەفریقیا. ماوەتەوە بپرسین لە بەردەم پیسی ئەم هزرەدا: ئەگەر ئەو عەرەبانە نەبوونایە لە ناوچەکەدا، ئایا خەڵکیمان بێ بەش بکردایە لە هەر مافێکی ژیان و کەرامەت چونکە ناوچەکە عەرەبی تێدا نییە؟! بە خوا سوێند دەخۆم کە وێنەی ئەو لۆجێکە نەخۆش و شێتییە ئاشکرایەم نەبینیوە لە هەموو جیهاندا تەنها لە لۆجیکی پیاوی خۆراوایی لە ئەمریکا و ئوسترالیا، ئەو پیاوە خۆراواییەی کە عەرەب و موسڵمانان واز لە رەخنە لێگرتنیاناهێنن لە کاتێکدا خۆیان زۆر لەوان خراپترن!
کوردستان راپۆرت: پەیامێکی تایبەتیت بۆ گەلی کورد هەیە؟
مەلیکە: بە گەلی کوردی مەزن دەڵێم: من هەمیشە هەست دەکەم(هەموو ئەمازیگیشم لەگەڵدایە) بەو ئازارە سەختە هەرچەندە بینینم بۆ دیمەنەکانی ئەو کوشتارگایانە دەرهەق بە خەڵکی سڤیلی تۆ ئەنجامدراون، دووبارە بووەوە یان، هەواڵم خوێندەوە سەبارەت بە دەستگیرکردنی چالاکە سیاسی یان ماف پەروەرانت، یان سەرکوتکردن و هەڕەشە لێکردنی رۆشنبیر و رۆژنامەنووسانی ئازا و جوامێرت، یان کۆچی دوایی کردنی خەباتگێڕانت بۆ ئەو دنیا و، لە ناخیاندا خەمێك هەبووە: کۆچیان کرد و هێشتا نیشتمانێکی نەتەوەیی نەبینی کە رۆڵەکانت کۆبکاتەوە لە نێوان دەوڵەتی رەگەزپەرست و تیرۆریست و لە سەرانسەری جیهاندا. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خۆیشم دەبینم بە پشەوکاوی و بێ دەسەڵاتی پرسیار دەکەم: بە کام زمان دەکرێت ئەو هەموو زۆردارە عەرەب و تورك و

فارسە قەناعەت پێ بكرێت بە پێویستیت ئەی گەلی كوردی خۆڕاگری و بەرەنگارەوەبوو بۆ تێگەیشتن و خۆشەویستی و هاوكاری هەمووان؟! هەروەها من، لە بەردەم هەستێكی وانائاساییدا بە چەوساندنەوە لە پێش قیرسچمی هەموو فەرمانڕەوا و رۆشنبیرە رەگەزپەرستەكانی ناوچەكە، خەونێك بەرۆكم پێ دەگرێت و دەزانم چەند سەختە، خەونێك ناوەرۆكەكەی بریتییە لەوەی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین و باكووری ئەفریقیا هەست بەوە بكەن كە جگە لە نشینگە(مستوطنات)ی عەرەبی بەولاوە چیدی نین و، پاشان شۆڕشێكی گەورە بەرپا بكەن لەدژی زۆرداری عەرەبی و ئیسلامی، ئیدی لەوانەیە ئەو گەلانە لە سەرەنجامدا بتوانن مافی خیان لە ژیانێكی ئازاد و ئاسوودەدا دەستەبەر بكەن بە دوور لە تواندنەوەی ناپەسەند لە رۆشنبیری عەرەبی رەتكەرەوە بۆ مافەكانی غەیری خۆی لە ناوچەكەدا و، دوور لە فشاری هەر تیرۆریستێك هەڕەشە لە ئاسایش و بەختەوەری خەڵكی دەكات لەپێناو سەركەوتنی ئایینەدا. مێژووی خوێناوی كۆن و تازەی عەرەب و موسڵمانەكان سەلماندی كە بزەیی و میهرەبانی تەنها بە قسە تێدایە!

پوختەی پەیامەكەم بۆ گەلی كورد: ئەی گەلی رەسەنی پایەبەرز لە ئاستی هەر گەلێكدا بە كە ایەنی رێز و ژیانە و، لە دەستی زۆرداران تەنها بە نیشتمانێكی نەتەوەیی قەناعەت بكە كە تۆڵە بۆ هەموو شەهیدە بێ تاوانەكانت دەسێنێتەوە و هەموو پارچەكانت بە یەكەوە دەبەستێتەوە و خۆر و سێبەر و خۆشەویستی و دڵنیایی و نان و ئاو و كەرامەت و نەمری پێویست بە هەموو رۆڵە قارەمانەكانت دەبەخشێت!

---

كورتەیەك لەبارەی مەلیكە مزانەوە:

- شاعیرێكی ئەمازیگییە كە بە عەرەبی دەنووسێت، لەدایكبووی هەرێمی ئەزیلال بتامازگای خۆراوا(مەغریب) لە رۆژی 15 ـ 5 ـ 1959.
- بكالۆریۆسی لە فەلسەفەی گشتی لە زانكۆی محمەمەد بن عەبدوڵلا لە شاری فاس وەرگرتووە.
- بۆ ماوەی دە ساڵ مامۆستای زمانی عەرەبی و پاشان پەروەدەی ئیسلامی وتۆتەوە.
- چوو بۆ سویسرا و، لەوێ نۆ ساڵ مایەوە(1992 ـ 2001) و، تیایدا هەموو كاتێكی خۆی تەرخان كرد بۆ نووسین بە شێوەیەكی رێك و پێك و پابەندی بە كێشەكانی مرۆیی و كۆچبەری بە شێوەیەكی گشتی و، بە دۆزی ئەمازیگی بە شێوەیەكی تایبەتی.

تێبینی: ئەم دیمانەیە سەرەتا لە رۆژنامەی"كوردستان راپۆرت"لە هەولێر بڵاوكرایەوە.